
**بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا (١٢)**

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

## بۆکان لە کتێبی (گەشتی زەند تۆماری تەمەن) دا

## نووسینی: کەریم زەند




کۆمەڵەی ئازادی ، ژ. ک ١٩٤٣ (١٩٤٣٠٩١٦) لە باغی حاجی داود لە مهاباد دامەزراوە. دوای کشاندنەوەی کۆمەڵەی هیوا لە گۆڕەپانی رامیاری، کۆمەڵەی پێشکەوتووخواز هاتە کایەوە لە کاتێکدا پارتی کومۆنیستی عێراق ٣ بەش بوون . ( القاعده، الشراره، النزال). پارتی( العمل) کاروباری دەبرد بەڕێوە . یەکیەتی تێکۆشین ٣ بڵاوکراوەی دەرکرد دەگەیشتە دەستمان تێیا ئەندام بووین. مامۆستا ساڵح حەیدەریمان دەناسی دوای کۆمەڵەی ئازادی برەوی پەیدا کرد و کارمان تێدا دەکرد. بە بێ چەندوچوون چووینە ناو کۆمەڵەی پارتی کومونیستی عێراق (قاعیدەوە) تاکوو هاوینی ١٩٤٥. ئابی ١٩٤٥ ساڵح حەیدەری هاتە سلێمانی لە خانەی کەریم زەند کۆبوونەوە کرا محەمەد تۆفیق عەزیز ئامادە بوو. ئەو رایە هاتە گۆڕێ کە پەیوەندی بکرێ بە کۆمەڵەی ژ.ک. بۆ ئەو مەبەستە خۆم تەرخان کرد و ئەو ئەرکەم گرتە ئەستۆ. بڵاوکراوەم دانابوو لە خانوویەکی خزمێکم لە گەڕەکی سەرشەقام چووم هێنام. کاک غەفوور میرزاکەریم ئاگادارە. شەو لای گرتووخانەکەی سلێمانییەوە نوستم لە تەک کاروانی گوندی گۆڕەدێم دا.

قادری عەبدوڵلاغا شیوەکەڵی ئاشنام بوو باری سیگاری هێنابوو بۆ فرۆشتن بارگیرێکی بە کرێگرتبوو خاوەنەکەی دانیشتووی گوندی چەمپاراوی لای بانە بوو . بۆ بەیانی کەوتینە رێ لە ئەزمەڕو قەڵا چوالانەوە بە لای چوارتادا بەرەو گوندی گۆڕەدێم..شەو لەوێ ماینەوە ،کاروانەکە لایدا منیش لەتەک قادرعەبدوڵلاغاشیوەکەڵی خۆیو کابرای کاروانی بە وڵاغەکەوە ، بارەکەی پڕ لە سیگار بوو بە چۆمی ئاشیبارامو وقەڵاتی سلێماندا کەوتینە پشتی گوندی شیوەکەڵ ، سیرین، بەرەو کێوی سوورکێو .

پۆلیس پشتی لێگرتین ، خۆمان رزگار کرد. یەکێکیان ئەیناسیم وتی:

ئەمە ئاشنای سۆفی سەعیداغایە . ملی هەورازمانگرتووسەرکەوتین بە دیوی بلەکێدا. خاونی ئیسترەکە ناوی رەحیم بوو. بە دیوی گوندی بلەکێدا شۆڕ بووینەوە گەیشتینە چۆمی بلەکێ کابرای کاروانی هاواری کرد هۆوکاکە ، کاکە هۆو. هاتن بە دەنگمانەوە . گوێ چۆمەکە سارد بوو شەومان گوزەراند. بۆ بەیانی چووینە گوندی ماسیەر و بایزاوا نزیکی بانە، بارەکەیان فرۆشت. بە تەنها مامەوە. رێ نەشارەزام. هەرچەندە خەریکبووم کاروانی و خاوەن شمەک تەفرە بدەم بێن لە تەکما بۆ بۆکان سوودی نەبوو. خۆم

راگرت تا ئێوارێ کاروانێکی گەورەی پێنجوێن هاتن. خێرا کەتمە خۆمو رامکرد بە دوایاندا. لەوانیش وایە کە چەتەم یا خود پیاوی عێزەتخانی بانەم . زەنگی ملی وڵاخەکان لۆکەیان تێیاخنیبوو بۆ ئەوەی دەنگی نەیەت. خێرا لێدەخوڕن منیش بە دوایاندا تاکوو شوێ. لەوێ خستیان بۆ حەسانەوە تێیانخوڕیم، لوولەی چەخماخیان لێڕاکێشام منیش دەمانچەم پێبوو وتیان کورە کێیت . وتم خۆمانین لە خۆتانم، کاروانیم، هاورێم لە پێشەوەیە. هەر تێم دەڕوانن نەیان دەناسیم. شەومان بەسەر برد. بەیانی کەوتینە رێ تا گەیشتینە چاخانەی زەمبیل ، خەرجیەکەم هەموو دا. بە ناو گەورکدا بە شێخ چۆپان و مێرگە نەخشینەدا رووەو حەسار و بۆگەبەسی بۆکان.

ئەوان لایاندا ، منیش چوومە گوندی شێخلەری رەحماناغای ئێلخانیی دێبوکری. بەرگە و بەڵگەم پێبوو ئەویش هاوکاری کردم لە قەرەکەند و کانی تۆمار و ئوتەمیش و برهانەوە چوومە مهاباد. سابڵاخ. لە کاروانسەرای گەرمێنی لاماندا. مانگی رەمەزان بوو چوومە خزمەت قازی محەمەد هێشتا نامزەد نەکرابوو بۆ پێشەوایی کۆماری کوردستان. خێرا دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵەی ژ.ک خڕبوونەوە وتووێژ کرا . شەوێ هاتمە فەرمانگەی پەیوەستی فەرهەنگیی شوورەوی لەوێ مستەفا خۆشناوم دی. بەرێز قازی ناردی بە دوامدا شەو لە خانەی قازی محەمەد نوستم. بەیانی مستەفا موئمنی هات کاروبار بە ئەندازەیەک پێکهات. گەڕامەوە بۆبۆکان و شێخلەر لەوێ مامۆستا کاردوخی شێخ موعتەسەمم دی . خۆم لێ ئاشکرا نەکردن. شەو لە خانەی قاسماغا لە سەر چاڵاوەکە دانیشتن تەگبیری گەڕانەوەم دەکرد. ئیسماعیل ئەردەڵان خاوەنی رۆژنامەی کۆهستان لەوێبوو، یەکتریمان ناسی. زنجیرە وتاری لە رۆژنامەکەیدا دەنووسی بە ناونیشانی وەقایعی ئاراڕات چەند دانەیەکی پێبوو.

بەیانی زوو وەرێکەوتم بەرەو بلەکێی بانە لای کەلیخان. پاسدار رێگەیان گرتبوو ئیستیان لێکردین. کاروانەکە وتیان پیاوی حەمەرەشید بەگی بلەکێین . لەم مقومقویەدا لە ژێر سکی وڵاخەکانەوە خۆم دەربازکرد. دەمانچەم پێبوو بە ناوجەنگەڵدا بەو شەوە تاریکە بەرەو کێوی ئاردبەبای پشتی بانە هاتم . دووجار گەڕامەوە بە ترووسکەی ئاگرەکانەوە وامدەزانی هاورێ کاروانیەکانن پێش جیابوونەوەمان ، کاروانە رێگەیان هەڵە کرد. شەو بوو چووینە لای قادرخانی ئارمردە . دیارییان بۆ برد ئەویش رێنمایی کردن تووشی ئەو پاسدارانە بوون ماشێنێک لە سەر رێی کەلیخان شکابوو پاسەوانی ئەوبوون. ناگەهانو رێکەوت وابوو جودا ببینەوە. بە تەنها هەر ئەو شەوە لە ژێر باڵی تاریکیدا خۆم گەیاندە قاپیکەند و لە چۆمەکەی بانە پەڕیمەوە بە کڵاشەوە. گەیشتمە بایزاوا لەوێ سۆفی رەشید هاوکاری کردم بە پیادەیی بۆ دەمەو ئێوارێ لە سوورکێو وەسەر کەوتم هاتمە کانیەکەی پشتی گوندی نۆرک. خۆم کۆکردەوە هاتمە نۆرکی حەمەرەشیداغا. خانمی خێزانی بەرێی کردم بۆ سوورەبان. ئەورەحماناغای حەمەرەشیداغا لەوێبوو هەفتەک مامەوە کاژمێرێکی ئولمای چاکم هەبوو بە دیاری دامێ. بەرەو سلێمانی هاتمەوە خۆم کرد بە ناو شاردا. وازم لە مامۆستایەتی هێنا چوومەوە بۆخوێندن لە بەغداد بۆ خانەی بەرزی مامۆستایان، پۆلی ئامادەیی بە ئینگلیزی. لە بەغدا بە هۆی کاک حەمە جەمیلەوە لەتەک ئەنوەر مەلا حەماغا چووین بۆ لای زەکی وەسیم حازم لە رێگای ئەوەوە دیداری فەهد یوسف سەلمان، مەلاشەریف، فواد. مەلاعروس، لەوێبوو گفتوگۆ کرا پەیوەندی مهاباد باسکراو بوو بە دروشمی کارمان.

هاوینی بە سەرداهات هاتمەوە سلێمانی. چووم بۆ بەغدا دوو مانگ لە ژێر زەمیندا لە تەک فەهد، یوسف سلێمان، زەکی بەسیم حازم مامەوە بڵاوکراوەی ئازادیمان بە تەواوی چاپکرد نامەکەی فەهد سەرکردایەتی

پارتی کومونیستی عێراق بۆ پێشەوا قازی محەمەد لەتەک بڵاوکراوەکاندا هێنامە سلێمانی لە خانووی حاجی ڕەشید مامی پارێزەر محەمەد مستەفا و غەفوور میرزا کەریم کۆ دەبووینەوە . بە بڕیاری نمایەندەیی رووەمکردە موکریان وازم لە مامۆستایەتی هێنا و خۆم تەرخانکرد بۆ کاری رامیاری.

موکریان، ئاترۆپاتین ١٩٤٦

کۆڵوباروبارگەم پێچایەوە. پێشەکی مامۆستا جەعفەر شێخ حسێن بەرزەنجیم ئاگادارکردبوو، ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ رۆیشتن . وتم ئەمە رێگای هاتونەهاتە وتی: لەتەکتام. رانکوچۆغەیەکی تەنکی لەبەرابوو وتم سەرماو کوێستانە بەرەوزستان ئەچین گەرەکە توندوتۆڵ خۆمان بپێچینەوە. بەرگە و بەڵگە و نامەی بڕوا و بڵاوکراوەو نووسراو ، نامەکەی فەهد و بارو بارگەمان ، دا بە کۆڵداپێشی کاروانی حاجی عەبدوڵڵا بۆسکانی کەوتین لە چایخانەکەی گۆیژە ، چاوەڕوانیمانکرد دیار نەبوون هاتینەوە دامێنی چیای گویژە و سەرکەوتینەوە سەرەتایان دەرکەوت. حاجی عەبدوڵا بۆسکانی باوکی عەلی بۆسکانیو عەبدورەحمان ، فرۆشیارێکی قورس بوو سەوداو مامەڵە و بنکەی لە سلێمانییەوە تاکوو تەورێز درێژەی هەبوو. کەوتینە ئەودیوی گویژە لە چۆمی زاخێو بە لای شیوەکەڵ بە سوورکێودا گەیشتینە چەمپاراو لەوێ حەساینەوە . ئێمە هەر پیادە بووین شەوێ سارد بوو شێخ جەعفەر بەرزنجی وتی سەرمامە منیش وتم هیچ نییە سوخمەت لەبەردایە وتەکەی خۆیم خستەوە بیر. بەناو گەورکایەتیدا مێرگە نەخشینە ، شێخ چۆپان ، زەمبیل، قاراوا، بۆگەبەسی ، حەسار تاکوو بۆکان . لەوێ کووتاڵ و شمەک بەرەو شاری تەورێز و ئێمەش جیابووینەوە. شارەزاییم هەبوو جاری دووەمە کە هاتوومەتە موکریان. چووینە گومرک لەوێ بە رێکەوت ئەورەحمان زەبیحی هاتبوو جیبێکی پێبوو یەکتریمان دەناسی . لە تەکیدا هاتین بۆ مهاباد هەفتەیەک میوانداری کردین. دیدەنی پێشەوای مەزنمان کرد ، ژوورمان گرت، جێگەمان بۆ دیاریکرا. جا بێینەوە سەرلەشکری بارزانیو شۆرشی پایزی ساڵی ١٩٤٥ شکستی و کشانەوەی بۆ دەوەری شنۆ و لاجانو نەغەدە و سندووس. ماوەیەکی دوومانگ پتر وەرنەگیران لە نێوانی سەردەشت و شاری ئورمیەدا نزیکەی ١٢٠ کەس پتر لە سەرماو لە برسان مردن. رۆژێک تاکوو ئێوارە بە ناو بەفردا رچەی بەفرمان دەشکاند ٤ کم رێگەمان نەدەبڕی. بە نۆرە کوڕی بە توانا پێشدەکەوت رچەکەی دەشکاند. بە ناچاری پەیوەندیکرا بە رووسەکانەوە لە رێی بیمارستانی ئورمییەوە لە سەر فەرمانی سەرۆک بارزانیی نەمر . بە ئامۆژگاری خودی سەرۆک بارزانی پەیوەندیکرا . دوکتور مەلکۆی دیانساز ئەرمەنی زمانزان بوو ئازەری باشی دەزانی کاک عێزەت عەبدولعەزیز لە تاکماندا بوو نمایەندە بووین تێمانگەیاندن ئەگەرچی ئێمەی پیاو مەردوم بەدکار بین بەڵام ئەم منداڵو پیرو ئافرەتەمان ژمارەیەکی زۆرن لەتەکماندا. ئەمانە بێتاوانن . ئێوە ئەگەر پشتیوانی میللەتو قەڵای ئازادیخوازن ، ئەگەر وابێ کوا برایەتی؟کوایارمەتی؟ سەربازەرووسیەکە پایەی مایور بوو لە وتەکەی ئێمە قەڵس بوو وتی:

ئێمە براین. وتمان کوا؟ ئێوە ئێمە بە سیای ئەمریکاو پێنتاگۆنو ئینتلیچنسیفر دەزانن ئەگەر ئێمەش وادابنێن ئەی ئەو بێتاوانانە گوناهیان چییە ؟ ئەویش وتی ماوەم بدەنێ ، پەیوەندیکرد بە فەرماندەی کەزیین ژەنەراڵی کەزیین پەیوەندیکرد بە کابکاسەوە ، کابکاس بۆ کرملن. وڵام هاتەوە بە تووڕەیی کە چۆن تا ئێستاکە وەرنەگیراون؟

فەرماندرا کە دەرزی دژی تیفووسمان لێبدەن کراسەکانمان رزیبوو بەرگەکانمانیان گشتی سووتانیان، بەرگی نوێمان وەرگرت، چەکی باشمان وەرگرت، کۆنەکانمان فرۆشت.

لە دووی رێبەندان ساڵی ١٩٤٦ رێکەوتی دووی رێبەندانی ١٣٢٤ ی هەتاوی ئاڵای پیرۆزی کوردستان بە ئاهەنگێکی قەشەنگ هەڵکرا. پێشەوا هەڵبژێردرا. وتاری مێژوویی پێشکەشی جەماوەر کرا. تەرمی حاجی قادرکۆیی بڵیندکرایەوە لە نێو دارتەرمەکەدا تاکوو ئاڵاکە ببینێ ئاڵاکەی ماچ کرد و راکشایەوە لە ناو دارتەرمەکە. منیش کرام بە مامۆستای مێژوو لە خوێندنگەی ناوەندی. وتەی مێژووم دەوتەوە رافەی مێژووم دەکرد. دووهەفتەی نەبرد راپۆرتیان لێدام کە کومونیستم لەو خۆێندنگەیە لابرام کرام بە مامۆستای سەرەتایی لای مەلای داودی کە ئاستێکی خوێندەواری وای نەبوو تەنها خەباتی ئەو لە چەرخی عەجەماندا وتوویەتی من کوردم ، ئیعلاناتی دڕاندووە . دوو هەفتە پتر لەو خوێندنگەیە مامەوە لەوێش راپۆرتم لێدرا کە زاری موکریانی بە کار ناهێنم .

ئیبراهیم نادری کارگێڕی گشتیی فەرهەنگ بوو لە کرماشانەوە هاتبوو رۆشنبیر بوو. ئەو راپۆرتانە لای پێشەوای مەزن کۆبۆوە چونکە خودی خۆی دەیناسیم. بە رێکەوت رۆژێک لە نەکاو هاتە ئەو خوێندنگەیەی کە من لەوێ مامۆستام هاتە پۆلەکەی من وانەی جوگرافیام دەوتەوە هۆی رۆشنکردنەوە و فێرکردنم بە کاردەهێنا بەڵگەی خڕێتی گۆی زەوی و سووڕانەوەی بە دەوری خۆی و خڕیی خۆردا. لە سەرەتاوە تا کۆتایی مایەوە بە وردی سەرنجی دەدا. کاتی تەواوبوونی وانە سڵاوێکی سەربازیم بۆکرد هەروەکوو لە هاتنە ژوورەوەی پۆلیشدا هەمان سڵاوی سەربازیم بۆکرد. وتی فەرموو ، رێزی لێگرتم هاتە بیرۆ ژووری کارگێڕ بە سەر پێوە بە تووڕەیی وتی لە تارانێڕا مامۆستای ئاوەهام نەدیتووە دوایی فەرمووی بتبینم. دوایی سەعیدخان هومایون خوشکەزای، یاوەری بوو. ناردی بە دوامدا و منیش چوومە خزمەتی سڵاوێکی سەربازیم بۆکرد ئەویش هەستا لەبەرم لە روانگەی رەوشت بەرزی خۆیەوە فەرمووی چۆنە باری فەرهەنگ ؟ وتم بەرێزتان ئاگادارترن فەرمووی کارێکی وەها بکەین کە لە ئاستی کۆمارە ساواکەماندا بێ. وتم ئەگەر فەرمان بدەی خولێک بکەینەوە بۆ فێرکردنی مامۆستاکان . رەواننانسیی رێی وتنەوەیان فێر بکەین. فەرمووی کارێکی پەسەندە، دەست بەکار بە. فەرماندرا بەو کارە، بووم بە بەرپرس . ماوەیەک لەم جۆرە ، کۆتایی خولەکە فەرمانی دەرکرد بووم بە نمایەندەی خودی پێشەوا لە شاری بۆکان، وانکاری خویندنگەی ناوەندیی بۆکانیش بووم. بەرپرسی جەوانانیش بووم بە هاوکاریی حاجی رەحماناغای شێخلەر ئیلخانی دێبوکری ، لە قەڵاکەی بۆکان دەنوستم. لە پڕ پێشمەرگەیەک هاتو وتی شێخ جەلال هاتووە . خێراهاتم وامزانی شێخ جەلالی حەفیدە کەچی شێخ جەلالی کاکە لاو بوو برای شێخ جافری لای شێخی مەزن. نامەی شێخ مەحموودی نەمری پێبوو ، نامەکەم ماچکرد و نامە سەرسەرم. لە تەکیدا هاتمە مهاباد نامە پێشکەشی پێشەوای مەزن کرا. ١٣ کەس بوون هەمووسەربازی هەڵاتە بوون ١٣ تفەنگی برنەوم بۆ وەرگرتن. ٩ ی لە رۆندا قایشیان تێهەڵنەکێشرابوو. ئەمە بە فەرمانی پێشەوا دوای ماچکردنی نامەکەی شێخی نەمر . رەوانە کران بۆ رۆخی جەنگ لای پەسوێ، نەغەدە. منیش رۆژانی هەینی سەرلە بەیانی وتارم دەدا لە سەر چاڵاوەکەی بۆکان. لە لایەکی ترەوە کاک عێزەت ئەبدولعەزیز رای سەرۆک بارزانی ئەمری وەرگرتبوو ، نامەی ئاڕاستەی بارەگای پێشەوای مەزن کردبوو ، کرام بە یارمەتیدەر و بڕیکاری فەرماندەی هێز لە سەرا و سەرچاوە. نزیکی سەقز دوای کشانەوەی لە شکری ژنراڵ حەمەرەشیدخان لە بەر هۆی تایبەتی و ناتەبایی راو و بۆچوون لە تەک پێشەوای مەزندا.

چوومە سەراو سەرچاوە سەرۆک بارزانی نەمر فەرمووی ئەوە رای منە و تۆش شایستی ئەوەی. وتم ئەزبەنی ئەز سەربازم بەو مەبەستەش هاتوومە ناو شۆڕشەوە ئەوەی زۆر خوشنوودیکردو لە هزر و مێشکی خۆیدا کێشێکی بۆ دانام لە ئایندەدا. بارزانی نەمر سوور بوو لە سەر فەرمانەکانی . وتم ئەزبەنی حەز دەکەم لە تەک شێخ محەمەدئەمینی مەڵحەدابم. کەسی دووەم بوو دوای مامەرەزا لە رێبازی حەقدا.

شەوی کۆتایی١٩٤٦

سەراوسەرچاوەیە . کاک میرحاج و کاک عێزەت هەرهەموویان لە خزمەت سەرۆکی نەمر بارازنیداین . نەخشە دانراوە پلانی گرتنی شاری سەقزە. کاک میرحاج وتی ئەگەر بیستوپێنج لە سەد زیانیش هەبێ هەر سەرکەوتووین .

لاناکاو نوری ئەحمەد تەها لە تەورێزەوە هات بە ئینترناشێکی ئازەربایجانی و چەند چەکێکی برنەوی تێدابوو. هەر دابەزیو سەرۆک بارزانی فەرمووی ، ها نوری چییە؟ وتی تەورێز گیرا. سەرۆک بارزانی فەرمووی چۆن؟ وتی ئەزبەنی تەورێز گیرا.  ئەم رووداوە پەستی کردین تانکەکانی ئازەربیجان دەکشانەوە گوێمان لە تەقەتەقیان بوو.

کات ١٢ی شەوە. زستانە. سەرۆک بارزانی نەمر روویکردە میرحاج فەرمووی ٢٠٠ مێر لە تەک خۆت بەرە بەری ساینقەڵا بگرن تاکوو بە بێ زیان بکشێینەوە. نەخشەو پلانی کشانەوەی دانا.

شێخ محەمەدئەمین مەڵحە ١٨ چەکداری لەتەکدا بوو. خۆشم چوومە پاڵیان بە ئینترناشێ لە بۆکانەوە . شاری چۆڵوهۆڵ ، بێئاگا. هاتینە تەغیاباد بارزانییەکان لەوێ نیشتەجێ کرابوون . شوێنی ئەرمەنی بوو کۆچیانکردبوو بۆ ئەرمەنستان. هەر بەوشەوە ئافرەت و منداڵی بارزانی لە تەغیاباد هاتبوونە سەرشەقامەکە و هاواریاندەکرد. زۆر نیگەران بوون.

وتمان هەرن ئەز سەربازی دێموکراتین.

 هاتینە میاندواو بڕیار وابوو کە ژنراڵ عەزیمی ببینین سەربازگەی میاندواو چۆڵکرابوو. ژنراڵ عەزیمی دیار نەبوو کە پلانمان بۆ دابنێ . تاقی سەرکەوتن و پێشوازی سەربازی ئێرانی دروستکرابوو لە شەقامەکاندا. منیش فەرشێکی گچکەم راکێشا و خستمە ژێرخۆم. بەفردەباری بەرەو مهاباد هاتین . ئاڵای پیرۆز داگیرابوو. ئەژنۆمان شکا. بەرەبەیان بوو چووینە خزمەت پێشەوا لەماڵەوە. نوێژمانکردلە پشتەوەی ، بە خەیاباندا هاتین بۆ بارەگا بە رێزەوە لە پشتیەوە بە یاسای سەربازی دەڕۆیشتین ، ئاوڕی دایەوە ئەگریا و فرمێسک بە چاویدا دەهاتە خوارەوە تا گەیشتینە بارەگای سەرکۆمار پێشەوا. میرحاج وتی: بەرێز پێشەوافەرمان بە چییە؟

 فەرمووی کاکە میر کاکە کەریم ئێوە منتان دانابوو بە پێشەوا ئێوە فەرمانتان بە چییە؟ میرحاج سیخورمەیەکی تێژەنیم وتی: ئەی خاک بەسەرم پێشەوا وابڵێ. هەستاین هاتینە دەرەوە ، میرحاج شەقێکی لە شەبقە رووسیەکەی هەڵدا پودپوڵکونیک بوو (سەرهەنگ) منیش پلەی کاپیتانیم هەبوو. بەرگمان گۆڕی لە تەک شێخ محەمەدئەمین مەڵحە تاکوو گوندی گوێچکەدەرە هاتین ، ئەومان بەرێکرد، میرحاج دووربینێکی خۆیدایە منیش تفەنگێکیکی برنەو بە سەد فیشەکەوە. گەڕاینەوە بۆ مهاباد و شێخ

محەمەدەمین مەڵحە بەرەو ئەودیو. لای قەڵا دزێ. مەحموودمەجیدبەگ حاجی رەسووڵ بەگمان لە تەکدا بوو خوێنکاری کۆلێژی ئەندازیاری بوو لە بەغداد هاتبوو کە بچێت بۆ سۆفیەت بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵا. لەو رووداوە پەکی کەوت نەیتوانی بڕوات. گوێدرێژێکم بۆ پەیداکردو تفەنگم نایە سەر نەرەی شانم و لە تەک کاکە میرحاج و کاک مەحموود گەڕاینەوە بۆ مهاباد. شێخ محەمەدەمین مەڵحە لە رێگە مەلا خەلیلی مەنگوڕ رووتی کردنەوە . ١٨ کەس بوون تفەنگو فیشەکو جبەخانە هەرچییەکیان پێبوو لێیانسەندبوون. شەو لە خەودا سوار سەریان ببوون دوای ئەوەی کە میواندارێتی کرابوون. جەعفەر شێخ حسێن بەرزەنجی لە تەک شێخ جەلال کاکە لاو کە جودا بوونەوە ئەوانیش بە هەمان شێوە لە گوندی میرە دێ و ساحێب رووتکران.

بێینەوە مهاباد و پێشەوا و ئەنجومەنی جەنگ کە بۆ ماوەی ٢ رۆژ گیرا بە مەبەستی راوێژکردن لە بارەی شەڕێ دەکەن یانا. لە ئاکامدا بەڕێز پێشەوا بڕیاریدا کە جەنگ بەرپا نەکرێ، پێشوازی سپای ئیران بکات بەرەو میاندواو بڕوات بە خۆیو بە ئوتوموبیلەکەیەوە (میرکەری، جیپود)کە لە باکۆ خەڵاتی کرابوو. منیش لە خزمەت سەرۆک بارزانی نەمردا چووینە خزمەت پێشەوا قازی محەمەد . سەرۆک بارزانی ٢ جار فەرمووی بەڕێزتان هەر پێشەوامانن لە تەکماندا بە ، مەزنی ئێمەیت. پێشەوا فەرمووی من لە خۆشیدا لە تەک میللەتەکەم دابووم گەرەک لە ناخۆشیشدا لە تەکیاندا بم. سوێندم خوارد کە لە تەک میللەتەکەمدا بژیم و بمرم. ئەمە بڕیاری کۆتاییمە. ماڵاواییمان لێکرد، کلیلی قاسەی داینێ چەند هەزار تمەنی تێدابوو چەکوجبەخانەی سەربازخانەی پێبەخشی. فەرمووی ئەوانە بۆ ئێوە باشە . منیش لەسەرفەرمانی سەرۆک بارزانی نەمر کرام بە بەرپرسی گواستنەوەی خێزانەکانی بارزانی. لە کارێز هەرچی ئوتوموبیل و ئینترناش هەبوو بە سۆخرەمانگرت، خێزانەکەم گواستەوە بۆ نەغەدە و لاجان و شنۆ. رێ شارەزا بووم خەریکبوو شۆفیرەکان رێم لێ چەواشە بکەن لەو دەفەرانە ماینەوە سەرۆک بارزانی نەمر بەخۆیو چەکدار و نیگابانەکانیەوە لە کارێزەوە بە پێ هاتەوە بۆ لای نەغەدە.

بەرێز خودانی بارزان شێخ ئەحمەد چوو بۆ شنۆ . خێزانەکانم هەر هەموو دامەزراند ئەو ئەرکەی پێم سپێردرابوو گەیاندم ئەوەش لە بڕواپێکردن و متمانە بە منی لاو بوو کەسێ نەیدەتوانی تەماشای ئافرەتێکی بارزانی بکا ، بە جۆرێ دەبوایە روو وەربگێڕێت.